# باندەکانی رفاندن لەئاوی لێل ماسی دەگرن

**سالار بابەشێخ**
hisami@walla.com

**ماوەیەکە لە شارە عەرەبنشینەکانی عێراق بەگشتی و لە بەغدای پایتەخت بە تایبەتی، دیاردەی رفاندنی خەڵك پەرەی ساندووە، تەنانەت ئەوانەش کە باری داراییان باش نییە کەوتوونەتە بەر ئەو پەلامارە و تا پارەیەکی خەیاڵییان نەدابێت، نەیانتوانیوە جارێکی دیکە دونیای رووناك ببیننەوە.**
**تیرۆریستان و ئەوانەی لە کورد داخ لە دڵن، تاکی کورد دەڕفێنن، ئەشکەنجەی دەدەن، گەنجی کورد سەر دەبڕن. بێگومان هەموو کردەوەیەکی دژی مرۆڤایەتی تیرۆریستانی دڵرەق، لە پێناوی پارەدا نییە، چونکە لەسایەی وڵاتانی دراوسێیەوە هیچ نیازێکیان بە پارە نییە، ئەوانە هەڵخڵەتاوانی بەکرێگرتەی ئایدۆلۆژیایەکی چەوتی دینین، کە بە هیچ بنەمایەکی ئینسانی پابەند نین، زۆرجار لە بنەماڵەی دیلەکەی بەردەستیان، پارەیەکی زۆرشیان وەرگرتووە و تەنانەت لاشەی بێگیانی رفێندراوەکەشیان بە بنەماڵەکەی نەداوەتەوە.**
**کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە دیاردەی رفاندن تەنها شمووڵی تیرۆریستان ناکات، چونکە جگە لە باروبنەی تیرۆریسم و زگڕەشانی دژە کورد، چەند باندێکی تاوانبار و خراپکاری دیکەش، لە کون و قوژبنەکانی ئەو دیاردە نەگریسەوە هاتوونەتە ژوورێ، هەتا لەو ئاوە لێڵەدا ماسی بگرن، واتە لە نێو ئەو تاقمە رفێنەرانەدا، هی واشی تێدایە کە تەنها هەڵپەی ماڵ پێکەوەنانی هەیە و هەندێك بەزەیی تێدا ماوە و بە تەواوی هەموو پێوەرەکانی مرۆڤایەتی خۆی نەدۆڕاندووە، لە نێو ئەو تاقمە سەرلێشێواوانەدا کەسانێك هەن کە جاروبار بەڵێن و پەیمانی خۆیان جێبەجێدەکەن، چەند جارێك لەو خەڵکەی کە رفاندوویانە و زانیویانە هیچی لێهەڵناوەرێت، بینراوە تاك و تەرایان رزگار کراون، بێگومان ئەو رزگار کردنەش، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو جۆرە کەسانە لەو بشێوییەدا دروستکراون و هێشتا هەموو هەستەکانی مرۆڤایەتی لەوانەدا نەکوژراوە و نوقمی ئەو تاریکی و تارماییە نەبوونە کە تیرۆریستانی تاریکدڵ و عەرەبە شۆڤینییە کوردکوژەکان تێیدا نوقم بوونە.**
**بە هاتنی سوپای مەهدی و میلیتاریای شیعە و سوننەی عەرەب بۆ کەرکووك و بەسەرنجدان بە هەڵوێستی حزبە کارتۆنییەکانی تورکمانی سەر بە تورکیا، ئەرکی هاووڵاتی کورد و هەر هاونیشتمانێکی دڵسۆز و دەزگاکانی ئاسایش و ئەمنییەتی حکومەتی کوردستان گەلێك قورستر دەبێت، بۆیە هەر لە ئێستاوە دەبێت وەك ئاوبەندێکی پتەو لە بەرامبەر لێشاوی تیرۆریسم و شالاوی رفاندن و تۆقاندندا بەرامبەر کێ بکەین، دەنا ئەمرۆ و سبەی لە هەولێر و سلێمانیش رفاندن و تۆقاندن دەستپێدەکات و جارێکی دیکەش لە سەر خاکی کورد و لە نێو ماڵەکەیدا، رەشە کوژی کورد دەکرێت.**